لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# نەریتی پیاوسالاری لەدادگاش ژن بە کۆیلە دەزانێت



ئا: باوکی میدیا





(خانزاد) دوو سێ رۆژ بوو چووبۆوە لای خوشکەکەی، تەنیا ئەو دوو سێ رۆژە بوو، کە تۆزێك ئاسوودە ببوو، وەکو(نەزیرە)ی خوشکی دەیگوت(خانزاد) داماوە خۆ لە خۆشی خۆی نەهاتبووە ماڵی ئێمە، ئەوجا بریا لە خۆشی خۆی و بەسەردان بهاتبا، ئەوەندەی دنیایەکم پێ خۆش دەبوو، بەڵام ئەو لەدەست ئەو مێردە شەڕانگێزە و تووش و تووندە رایکردیووە ماڵی ئێمە، کابرا نەبێ ئەو دەحەوایەوە، نە لەگەڵ ئەویش ئیدارەی دەکرد ژنەی بەستەزمان گیری خواردبوو بەدەستییەوە، کە لە ماڵ دەبوو شەڕی پێدەفرۆشت و بەهانەی پێدەگرت و بەهۆیەوە لێی دەدا، ئەگەر لە ماڵیش نەدەبوو بە مۆبایل کاتژمێرێك نا کاتژمێرێك تەلەفۆنی بۆ دەکرد و سەدو یەك پرسیاری لێدەکرد و وەڕسی دەکرد، دواجاریش کابرا تەلەفۆنی کردبوو،(خانزاد) یش لە ژووری مەتبەخ بوو، تا ئەو گەیشتێ تەلەفۆنەکەی داخرا و پێی رانەگەیشت وەڵامی بداتەوە، ئەوەندەی بەس بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و کارو کاسبی بە جێبێڵێ و بزانێ بۆ تەلەفۆنی هەڵنەگرتووە، کاتێك دەگەڕێتەوە بانگی دەکات ئەویش لەبەرچاوی ئەو لە مەتبەخکە دێتە دەرەوە ، ئیتر تەنیا یەك پرسیاری لێدەکات کە بۆچی وەڵامی تەلەفۆنەکەی نەداوەتەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی بکات وەردەگەڕێتە سەری و تێرو پڕی لێدەدات ئێ باشە بۆ؟

ژنەی قوڕبەسەر هەر لە مەتبەخ بووە لە ناو ماڵی خۆی بووە، ئێ باشە ئەو لێدانەی دەوێ؟؟ خوشکیشم لە تاوان ماڵەکەی بۆ بەجێدێڵێ و بەخۆ هەر دوو منداڵەکەیەوە دێتە ماڵی ئێمە، دوو سێ رۆژ لای ئێمە دەمێنێتەوە و مێردەکەم پێی دەڵێ هیچ خەم مەخۆ، خۆ تۆ بێگانە نیت، ئەوە ماڵی خوشکت نییە، ماڵی خۆتە، تا ماوی لەسەر سەری خۆمت دادەنێم و خۆت و منداڵەکانیش بە چاوان بەخێو دەکەم، پیاوەکەم، کە زۆر کەسێکی میهرەبان و دڵ و چاو تێرە، زۆری دڵی دایەوە، بەڵام خوشکەکەم پێی گوت: دەزانم کاکە(فوئاد) جەنابت لە برایەکەم زێدەتری و ئەگەر خۆشم بە غەریب بزانیایە قەت رووم لێرە نەدەکرد، بەڵام پێم خۆشە یەك دوو رۆژی تر بەخۆت قسەی لەگەڵ بکەی و ساردی بکەیەوە، ئێستا کە هاتوومەتە ئێرە لەبەر ئەوەی زۆری لێدام، ئەگەر نا ماڵم بەجێنەدەهێشت، بەڵام رەنگە ئەو وا تێبگات کە من لێی بێمنەتم بۆیە رەنگە هێندەی دیکە تووڕە و شێتگیر ببێ، ئەوجا لەسەر هەندێ تکات لێدەکەم، دەمەوێ بەخۆت بیهێنییە ئێرە و ئاشتمان بکەیەوە(فوئاد)یش گوتی: خەمت نەبێ ئەو ئێوارەیە لەگەڵ خۆمی دێنمەوە، دوای

نانخواردنی نیوەڕۆ (فوئاد) چۆوە سەر کار و بە ئومێدەی ئێوارە(سیروان) ی مێردی (خانزاد)ی خوشکم لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە، کەچی دوای نیوەڕۆیەکەی، دەوروبەری کاتژمێر چوار و نیو بوو کە(سیروان) بەخۆی و دارێکی دەستی بەبێ لە دەرگا دان بە ژووریێ کەوت، دیاربوو دەرگای حەوشەمان لەسەر پشت بوو ئەگەر لە دەرگای بدابایە دەمانزانی کە ئەوە، کە هاتە ژوورەوە من و (خانزاد) دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، بێ سەلام و کەلام بە (خانزاد)ی گوت: هەستە دەستی منداڵەکانت بگرە و وەرەوە، ئەویش منداڵەکانی لە ژوورەکەی ئەودیو خەواندبوو، پێی گوت: منداڵەکان خەوتوون ، ئێوارە لەگەڵ کاکە(فوئاد) دێمەوە کە وایگوت پڕی دایە قژی و بە قژ ڕاکێشان بڵندی کردوو ویەك دوو داری توندی خێواندە پشتی و ڕانی، (خانزاد)ی خوشکم لەگەڵ دار لێدانەکان بەربۆوە ئینجا بە شەق و شولاق و دارەکەی دەستی کەوتە سەری، ژنە لە تاوان هاواری دەکرد و دەگریا و دەیقیژاند، بەڕاستی منیش خۆم پێنەگیرا و هاوارم لێهەڵسا و بە توندی پاڵێکم پێوەنا و قیژاندم بەسەریدا و گوتم: تۆ چیت، پاڵەوانی یان میری سەر بڕی، یان ئەو ژنە کۆیلەی بن دەستتە؟ وا بە داران کەوتوویتە سەری، بۆ منیش هات، گوتم: دە ئەگەر خۆت بە پیاو دەزانی دەتوانی شەقێکی تری لێبدەی دەی بڕۆ دەرەوە، پارووە ونانێك هەر دەبێ لەگەڵمان بیخوات، گوتی: ئاوا دەرم دەکەی؟ گوتم: سەدجارانیش دەرت دەکەم، نەکەی پێت بنێیەوە ئەم ماڵە، بۆ وا دەزانی ئەو ژنە بێکەسە، یا کۆیلەتە، بە هەوەس و ئارەزووی خۆت بە دار و پێلەقە وەربگەڕێیتە سەری!؟ ئیتر پاڵێکم پێوەنا و دەرم کرد، هاتمەوە لای (خانزاد) و دەم و لووتی هەمووی خوێن بوو، جلوبەرگی خۆم گۆڕی و لەگەڵ خۆم بردمە نەخۆشخانە، لەوێ دوای چارەسەرکردن ڕاپۆرتی پزیشکیان پێداین، یەکسەر لەوێش بنکەی پۆلیسی ئەوێ لێکۆڵینەوەی کرد و سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمارکرد، ئینجا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بۆ بەیانی دەستگیریان کرد و منیش چوومە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە شایەتیم بۆیدا کە چۆن مێردەکەی لێیداوە.

(خانزاد) لا چاوێکی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، بەشەرمەوە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە ڕاوەستا و وەڵامی پرسیاری دادوەری دەدایەوە، کە وەرگرتنی گوفتاری ئەو تەواو بوو، بانگی (نەزیرە)ی خوشکی کرا بێتە ژوورەوە و قسەی ئەویش وەك شایەتی سەلماندو وەرگیرا، ئینجا بڕیاری گرتنی (سیروان)ی دەرکرد و دوای ئەوەی کە هێنایانە بەردەمی و گوێی لە قسەکانی گیرا، دادوەر بڕیاری گرتنی دا بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ، دوای تەواوبوونی ئەو چەند ڕۆژە(سیروان) ئازاد کرا، بەڵام چیتر نەیتوانی هەڕەشە و گوڕەشەیان لێبکات یان بچێتە گژی و لێبداتەوە، پاش ئەوەی وردەکارییەکانی داواکە تەواوبوو، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی کێشەکە بدات.

کە ڕۆژی دادگایی دیاریکراو هەردوولا ئاگادارکرانەوە خوشکەکەم هەر لای من بوو لە کاتی خۆیدا لەبەردەم دادوەری دادگای تایبەتمەند ئامادەبوون و یەکەمجار پرسیار لە (خانزاد) کرایەوە و داخۆ چۆن لێیداوە بۆچیش لێیداوە(خانزاد) بەمشێوەیە گوفتاری خۆی بۆ دادگا بەیان کرد و گوتی: جەنابی حاکم ئەو کابرایەی کە لەبەردەمتان ڕاوەستاوە، مێردمە، بەڵام بریا قەت تووشم بە تووشی مێردێکی وەها نەبوایە، ئەو وا دەزانێ من دیلێکم و کەوتوومەتە ژێر دەستی ، ئەوەی ڕێزە لێمنانێت، هۆیەکەشی چییە نازانم، کە لە دەرەوە کێشەیەکی دەبێ، یان بەشەڕ دێتەوە ماڵ تووڕەییەکەی خۆی بەمن بەتاڵ دەکات، یان لەو دوو منداڵە بچووکەم دەدات بۆ ئەوەی من قسە بکەم و لێمبدات، ئەو مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکات و جاری وا هەیە زیانی لێدەکەوێت و لە تووڕەییان نازانێ چۆن داخی دڵی خۆی هەڵبرێژێ، جاری واش هەیە دەرفەتێکی لە دەست دەچێ، هەمدیسان، بە هەمان شێوە مامەڵەم لەگەڵدا دەکات، زۆریشی ڕق لە خوشکەکەم و مێردی خوشکمە، ڕۆژ هەتا ئێوارە جوێنیان پێدەدات، کەچی هەر ئەو مێردی خوشکەم بووە چەندین جار باربووی کردووە و هاوکاری دارایی پێشکەش کردووە، زۆر جاریش سوێند بە تەڵاق دەخوات کە نابێ بچمە ماڵی خوشکەکەم ئەوجا بۆ سەردان و میوانداری بێ ، یان بۆ هەواڵ پرسین بێت، من دایکم و باوکم نەماوە، تەنیا ئەو خوشکەم هەیە، بە من بێت هەفتەی جارێك دوو هەفتە جارێك بچمە لای یان ئەو بێتە لام، هەردووکمان لە یەکتر زیاتر کەسمان نەماوە، سەبووریمان بەیەك دێت، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەگەر چۆن مانگی جارێك سەردانی بکەم، هەموو بڕو بیانووویەکەشی ئەوەیە، وەڵڵا ئەوانە دەوڵەمەندن و لاف و گەزافمان لەسەر لێدەدەن، کەواش نییە، ئەو ڕۆژەش کە ڕۆژی ڕووداوەکەیە، تەنیا لەسەر ئەوەی پێڕانەگەیشتم وەڵامی تەلەفۆنەکەی بدەمەوە، هاتەوە تێری لێیدام، منیش بۆ ئەوەی کێشەکە، کە هیچ نەبوو، گەورەتر نەکات چوومە ماڵی خوشکەکەم، کەچی هاتە ئەوێش و تەنیا گوتی : هەڵسە وەرەوە هێشتا وەڵامیم نەدایەوە بەدار و شەق کەوتە گیانم، ئێستا لە مافی خۆم خۆش نابم و داوای ڕێککاری یاسایی دەکەم و جارێکی تریش ناچمەوە لای.

دوای تۆمارکردنی قسەکانی (خانزاد) نۆرەی (سیروان) هات قسەی خۆی بکات و ئەویش گوتی: من لەوەی کە لێمداوە یان نە، بەڵێ لێمداوە، ئەگەرچی حەز ناکەم لێیبدەم بەڵام لەبەر ئەوەی کە شکاتی لێکردووم و دادوەریش قسەکانی پێ بڕی و پێی گوت: ئەو دەبێ لە تۆ خۆش بێت نەك تۆ، جا ئەگەر لە تۆ خۆش بوو، ئەوە باشە و داواکە بەهۆی پێکهاتنەوە دەوداخەین ئەگەر نا بڕیاری سزادانت دەدرێت (سیروان)یش گوتی: من دووپاتی دەکەمەوە کە لێمداوە و پەشمانیش نیم لەوەی کە لێمداوە ، چونکە لەو بڕوایەدام ژن دەبێ گوێڕایەڵی پیاو بێت و لە قسەی دەرنەچێت، هەر ژنێکیش گوێڕایەڵی پیاوەکەی نەکرد پێویستە پیاوەکەی تەمبێ بکات، ئینجا دادگا هەوڵی دا ئەو دووانە لەبەر ئەوەی ژن و مێردی یەکن و بۆ ئەوەی شیرازەی خێزانەکەیان تێکنەچێت و منداڵەکانیان سەرگەردان نەبن، دەرفەتێکیان بداتێ و لە دەرەوەی هۆڵی دادگا نەرمی بنوێنن، دوای گفتوگۆیەکی نیو کاتژمێری هەردووکیان هاتنەوە بەردەم دادگا و (خانزاد) گوتی: من دەچمەوەو ماڵی خۆم و مێردی خۆمم دەوێتەوە بەمەرجێك (لێدانم لەسەر هەڵگرێت) ئینجا کە نۆرەی (سیروان) هات قسەی خۆی بکات، لە جیاتی ئەوەی بڵێ بە قسەکانی ڕازیم کەچی گوتی: ژن ئەگەر گوێڕایەڵی پیاو نەبوو، پیاو هیچ چاری دیکەی نییە هەر دەبێ لێبدات، دادوەریش لەو قسەیەی(سیروان) تووڕە بوو، پێی گوت: تۆ لە جیاتی ئەوەی بڵێی کە بەڵێن دەدەم ئەو ڕەفتارە ناشیرینە دووبارە ناکەمەوە، کەچی سووری لەسەر و ئەو کارەی کە کردووتە و تاوان دروستدەکەیت!

دوای تەواوبوونی ڕێککارە یاساییەکان دادگا بڕیاریدا( سیروان) بە پێنچ مانگ بەندکردن حوکم بدات، (سیروان) یان بردە دەرەوە و کەلەپچەیان لە دەستی کرد و سواری ئۆتۆمبێلیان کرد، لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دانیشت و تەماشایەکی (خانزاد)ی کرد وهەر هێندەی پێگوت: باشە با من زیندانی بکرێم و ئەوسا تۆش دەبێ چارەنووسی خۆت بزانی.

(خانزاد) چاوی پڕگریان بوو، دەستی منداڵێکی گرتبوو، ئەوی تریشی لە باوەش بوو، سەرێکی بادا و منداڵەکەی باوەشی توندتر بەخۆوە گرت، (نەزیرە) لێی چووە پێش و کلینکسکەی دەستی دایە و پێی گوت: وەرە با بڕۆینەوە ماڵی خۆمان.

**(خانزاد) لا چاوێکی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، بەشەرمەوە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە ڕاوەستا و وەڵامی پرسیاری دادوەری دەدایەوە**

**(خانزاد) چاوی پڕگریان بوو، دەستی منداڵێکی گرتبوو، ئەوی تریشی لە باوەش بوو، سەرێکی بادا و منداڵەکەی باوەشی توندتر بەخۆوە گرت**

## مردنی کتوپڕی باوك

بەرەبەری کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی بوو، کەچی (چالاك) دیقەتیدا باوکی هەر لەخەو هەڵنەستایە، زۆری پێ سەیر بوو. خۆ هەموو ڕۆژێك باوکی هەر کە لە مەلا بانگدانەوە لەخەو بە ئاگا دێت بۆ نوێژی بەیانی ناخەوێتەوە، هەتا دەوروبەری دوای نیوەڕۆ کە ئەوسا ماوەی کاتژمێرێك سەرخەوێك دەشکێنێ. ئەدی عەجایب ئەمڕۆ تەنانەت وەختی مەلابانگدانیش دەنگ و خواستی نەبوو، ترسا لەوەی نەبادا باوکی نەخۆش کەوتبێ بەڵام پاشان هەر لە دڵی خۆشیدا گوتی: با ئەو چارەگە سعاتەش لێبگەڕێم ئەوسا بەخەوم بە ئاگای دێنم. هەندێك خۆی بە ئامادەکردن و لەبەرکردنی جلوبەرگ خەریك کرد و جار جارەش ئاوڕێکی لە باوکی بێ هەست و خوستی دەدایەوە، ئەو ڕۆژانەی بەبیر هاتەوە کە جارێ دایکی مابوو، دایکی زۆری خەمی باوکی بوو، دەیگوت (کوڕم چالاك) پێمخۆش نییە چیدیکە باوکت هەموو ڕۆژێ و بەبەردەوامی بچێتە دوکان. لە خودای بەزیادبێ، زۆری کرد بۆتان و زۆریشی بۆ کۆکردنەوە، ئەوە



# تاوانی دەرمانخواردنەکە ئاشکرا بوو

لەجیاتــی خانوویەك ســێیان و لە جیاتی پارچە خشڵێك ئەوە نیوكیلۆ زێڕمان لەماڵدا هەیــە، هەروەهــا ئۆتۆمبیلێكی پیكەبی بۆماڵ و یەكێكیشــی بۆ تۆ كڕیوە و هەر چوار خوشكتی بە سەربڵندی بەڕێكردووە و ئێســتا و ئێســتاش بە باوكیانەوە چ بۆ خۆیان و چ لەبەرچاوی مێرد و كەسوكاری مێردیشــیان ســەربڵندن، ئەوجا لە خوای بەزیادبێ، ئێستا تۆزێك كەوتۆتە ناو ساڵان و ئەوە تەمەنی شەست و دوو ساڵێكە، بەسە با هەفتەی سێ جاران بڕواتە دوكان و سێ جارەكەی تریش تۆ بڕۆ. كە ئەو قســانەی دایكــی بەبیر هاتــەوە، پێكەنینێك كەوتە سەر زاری و قسەو نارِازیبوونەكەی باوكی كەوتەوە یاد كاتێــك باوكی لە گەرماوەكە دەهاتــە دەرەوە و گوێی لەو قســانە بوو، بە دەنگێكی گــڕ و نارِازییەوە لە دایكی خوڕییــەوە گوتــی: كچێ ئافــرەت تۆ هەتاكەی عەقڵت نابێ، من تازە وا گەنج دەبمەوە كە دەبینم (چالاك) هەفتەی یەك دوو جارێك، سەرەڕای خوێندنیشی دێتەلام لە دوكان و ئاوەدانییەكم پێ دەبەخشــێ، پیــاو كە تەمەنی هەتــا نەگاتە حەفتا و پێنج ســاڵانش بە پیروپەككەوتە دانانرێت. تۆش جارێ هێشــتا هیچ نەبووە وا بەپیرم دادەنێی !!

(چــالاك) لەو خەیاڵاتــە دابوو، كە بە زەنگــی كاتژمێرەكەی ســەردیوارەكە بە ئاگاهاتەوە كە زەنگی كاتژمێرەكە هەشتی تەواوی لێدا، خۆی تەواو پۆشــتە كردبوو، بچێتە پەیمانگا، بــەڵام كە دیتی باوكی لەخەو هەڵنەســتاوە، لەناخەوە هەستی بە نارەحەتییەكی شــاراوە كرد و ترســێك كە نەیدەزانی سەرچاوە و هۆیەكەی لەچی و لە كوێیەوەیە بەر دڵی گرت، بە ئەســپایی لێــی نزیك بــۆوە و جارێك بــە بابە بابە بانگی كرد، وەڵامــی نەبوو "بابی دەمێك بوو، نزیكەی حەوت هەشــت مانگێك بوو، لە دوای مردنــی دایكییەوە ژنێكی تری خواستبوو كە یانزە ساڵ لەخۆی بچووكتر بوو، هەر لەسەرەتاشــەوە (چالاك) كەیفی بەو ژنە زڕدایكەی نەدەهات و هەمیشــە بە خوشكەكانی دەگوت: ئەو زڕدایكەمان تەماحكارێكــی وەكو خــۆی نییە، خوا دەزانێ بۆی هەڵكــەوێ هەموو موڵك و ماڵی باوكم بەناوی خۆی دەكات و یەكەم كەســیش من لە مــاڵ دەردەكات ئەوجا باوكم..."

كە باوكی وەڵامی نەدایەوە هەستی كرد بابی تەنانەت هەناسەشی نییە. (چالاك) دەستی درێژ كرد و رووی باوكی وەرگێڕا، بینــی رەنگ وروویەكی زەرد و ســیس و بێ گیانی هەیە، دڵی بە توندی لێیدەدا، دووبــارە چەنــد جارێكی تــر بەبابە بابە بانگی كردەوە. هەر وەڵامی نەبوو، هەستی لێداگرت، دیتی هەناســە نادات، دەستی دایە مەچەكی، تا ترپــەی دڵی بگرێت، هەســتی بــە لێدانی دڵی نەكــرد. تەواو تەنگاو و تێكچــوو، بانگی زڕدایكەكەی كرد كە ناوی (ناهیــدە) بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی باوكی بــە (ناهید) بانگی دەكرد، ئەویش فێر ببوو هەر بەو ناوە بانگی بكات،



**خزمان و دەرودراوسێ گوتیان با تەرمەكەی ببەینە مزگەوت و بیشۆین. بەڵام لەو ساتەوە گومان لە ئەنجامدانی تاوانێک لە دڵ و دەروونی (چالاک) چەکەرە دەکات**

ئەوجا بانگی کرد (ناهید، ناهید) ئەویش وەڵامی نەبوو، سەیرە باشە ئەو ژنە بۆ کوێ چووە بەم بەیانییە، باشە چ بەیانییەك وا زوو بەبێ هۆ و ئاگاداری دەرنەچووە، ئەی ئەم بەیانییە زووە بۆ کوێ چووە، چووە لای باوکی ماوەیەکی خەریکی بوو، تەواو دیقەتی دا ئەوجا زانی کەوا مردووە، چاوی پڕ فرمێسك بوو، دەستی بە گریانێ کرد. تەلەفۆنی بۆ خوشکەکانی کرد. لەو کاتەشدا (ناهید) هاتەوە، وەك ئەوەی ئاگای لەهیچ نەبووبێ گوتی چییە (چالاك) ئەوە بۆ دەگری، ئەویش گوتی: وەرە سەیری باوکم بکە مردووە. کەوایگوت: گوتی: چۆن مردووە، مردنی چی، ئەوەی کەی؟ ئینجا خۆی شپرزە کرد و کردیە قیژ و هۆڕ و لەخۆدان و باوکەڕۆ، پاشان خوشکەکانی گەیشتن، ئیدی قیژ و هۆڕی ژنان دەستی پێکرد و خزمان و دەرودراوسێ گوتیان با تەرمەکەی ببەینە مزگەوت و بیشۆین. بەڵام لەو ساتەوە گومان لە ئەنجامدانی تاوانێك لە دڵ و دەروونی (چالاك) چەکەرە دەکات، جا لێرەوە با ڕێگە بدەین (چالاك) بەخۆی ئەو وردەکاریانەی دواتر بگێڕێتەوە. (چالاك) لەمەڕ ساتەکانی گومانی یەکەمی لە زڕدایکەکەی و دواتر چی کرد و مەسەلەکە بە چی گەیشت، بەم شێوەیە بۆمان دواو گوتی: باوکم چەند ڕۆژێك پێشتر هیچ عەیبێکی نەبوو، سەیر لەوەدایە بابم بە درێژایی ژیانیشی بەدەگمەن نەخۆش کەوتووە، زۆر ئاگاداری تەندروستی خۆی بوو. تەنیا ئێوارەی ڕۆژی مردنەکە، گوتی: نازانم بۆ سەرم دێشێ. دەترسێم سەرمام بووبێ و قۆڵنجم کردبێ. گوتم: بابە بتبەمە دکتۆر، گوتی نا نا دکتۆری بۆچییە، حەبێکی ژانەسەرم بدێ و بەسە. ئیدی ئەو شەوە چۆن نووست، هەروا خەوی لێکەوت و بۆ بەیانیش هەڵنەستایەوە.

ئینجا کە بەمردنەکەیم زانی بەراستی دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گومانم کەوتەسەر زڕدایکەکەم. چونکە لە مردنی باوکم تەنیا زڕدایکم سوودمەند دەبوو، ئەو هەموو جارێ بە ناراستەوخۆ داوای لەباوکم دەکرد خانوو و دوکانەکانی بەناو بکات و دەشیگوت دوای مردنی تۆ هەر بۆ من دەمێنێتەوە، ئەوجا هەر لە ئێستاوە بەناوی من بکرێت باشتر نییە، قسەکەی زۆر زمان لووسانە دەکرد بە جۆرێك کە قەت باوکم هەست بە هیچ نیازێکی خراپ نەکات. لەبەر هەندێ زۆر بیرم بۆ ئەوە چوو شتێك بکات کە ئەو مەرامانەی بێتە جێ. کە باوکیشم مرد، بە مامەکانم گوت: من ناهێڵم تەرمی باوکم ببرێتە مزگەوت بەڵکو ئاگاداری پۆلیس دەکەمەوە و دەڵێم دەمەوێ هۆی مردنەکەی بزانم چونکە من گومانم هەیە بە مردنی خۆی مردبێ، ئەوەم بە خوشکە گەورەکەشم گوت و گوتم با جارێ ژنان مەسەلەکە نەزانن و بڵاونەبێتەوە، هەر لە نێوان خۆماندا بمێنێتەوە هەتا دەگەینە بنج و بنەوانی مەسەلەکە و ڕاستییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەبوو ئەوانیش گوتیان باشە و مامی گەورەم گوتی: من ئەو کارە دەکەم و پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەم با (ناهید) شك و گومان لە تۆ نەکات، تۆ خەریکی خەڵکەکە بە. ئیدی ئاگاداری پۆلیسمان کردەوە لەگەڵ هاتنی پۆلیس، دیقەتی زڕدایکم دا، ڕەنگ و ڕووی تێکچوو، ئاگای لە تازیە و لەخۆدان و گریان و باوکەڕۆ هەر نەما. هێندەی دیکە شکم لێی کرد، پۆلیس لێکۆڵینەوەی خۆی دەستپێکرد و مامم بەنهێنی بە ئەفسەری لێکۆڵینەوەی گوتبوو کە گومانمان لە (ناهید) هەیە دەستی لە مردنی باوکم هەبێ، بەڵام چونکە چ بەڵگەیەکی وامان لەدەست نییە بۆیە تەنیا گومانی لێدەکەین، دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە تەرمەکەیان ڕەوانەی دادی پزیشکی کرد و لەوێش پشکنینی پزیشکی دەریخست کەوا دەرمانخوارد کراوە، ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئێمەی ئاگادار کردەوە کە ئەنجامی پشکنین و توێکاری تەرمەکە دەریخستووە کە باوکم تاوانی دەرهەق کراوە و دەرمانخوارد کراوە. ئێمە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕەسمی شکایەتمان لە زڕدایکم کرد و گوفتاری خۆماندا و هەرچی دەمزانی و نەمدەزانی هەموویم بۆ ئەفسەری لێکۆڵینەوە باس کرد. ئەوانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد لەگەڵ زڕدایکم و چەند سەعاتێك لێکۆڵینەوە ورەی پێ بەردا و دانی بەهەموو شتێك نا.

## دانپیانانی تاوانبار

(چالاك) لە گێڕانەوەکەیدا ئاماژە بە ئاشکرابوونی تاوانەکە دەکات و دەڵێ: زڕدایکەکەم خۆی لەبەردەم پرسیارەکانی لێکۆڵەرەکە ناگرێت و لە کۆتاییدا بەمجۆرە دانی بە تاوانەکە و پاڵنەرەکانی دەنێت و دەڵێت: کە مێردم بەو پیاوە کرد بەراستی یەکەمجار لە تەماحان بوو. دووەمیش من کە بێوەژن بووم لە ماڵی براکەم دەژیام، ئەویش ژنەکەی لەمن بەردابوو، شەو و ڕۆژ کاری پێدەکردم، وەکو خزمەتکار تەماشای دەکردم، ڕازی نەدەبوو لەلای براکەم بم، تەنیا بەو مەرجە نەبێ کە خزمەتیان بکەم. منیش تازە مێردم مردبوو هیچی بۆ بەجێنەهێشتم و تاك و تەرا مامەوە، دەبوایە شوێنێك بدۆزمەوە کە تیایدا بحەوێمەوە. بۆیە دوای ساڵێك مامەوە لەلای براکەم، خواخوام بوو کەسێك بێتە خوازبێنیم کە لە تەمەنی خۆم نزیك بن و لەو دۆزخە ڕزگارم بێت. ئەوە بوو کە ژنە دەڵاڵێك هات و گوتی: دەتوانم مێردێکی چاکت بۆ بدۆزمەوە، منیش بەڵێنی دیاری و بەخششێکی باشم دایە ئەگەر ئەو کارەم بۆ مەیسەر بکات.

دوای مانگ و نیوێك هەواڵی دامێ کە کابرایەك حەوت هەشت مانگێکە ژنی مردووە و چەند دایەرە و خانوویەکیشی هەیە و تەنیا کوڕێکی جاحێڵی هەیە و لەگەڵی دەژی. منیش تکام لێکرد ئەم کارەم بە زووترین کات بۆ ڕێکبخات و تەواو بکات، ئەوە بوو بەدوو هەفتە هەموو شتێکی کۆتایی پێهێنا و گەیاندمیە مەبەست، خۆم لەدەست براژنە دڵڕەق و بێویژدانەکەم ڕزگار کردزماوەیەك وەکو ژن و مێرد ماینەوە، نە مێردەکەم و نە کوڕەکەی بۆم خراپ نەبوون، بەڵام بەراستی تەماح بەری چاوی گرتم، ئەوەبوو ئاخیرییەکەی بڕیارمدا بە ژەهری مشك دەرمانخواردی بکەم. هەموو شتێکیشم کرد بۆ ئەوەی کەس شکم لێنەکات.

دوای دانپیانانی (ناهیدە) بە تاوانەکانی و تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا و دوای چەندین مانگ دادگایی کردن، دادگا حوکمی عادیلانەی خۆی بەسەردا سەپاند.

**دوای دانپیانانی (ناهیدە) بە تاوانەکانی و تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا و دوای چەندین مانگ دادگایی کردن، دادگا حوکمی عادیلانەی خۆی بەسەردا سەپاند**

گوڵان ئامادەیە بە نرخێکی گونجاو و بەجوانترین شێوە ریکلامەکانتان بۆ بڵاوبکاتەوە
پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن 07504567070



# بەسەرتاوانەکەیەوە دەستگیر کرا

### ئاگادارکردنەوەی پۆلیس

(کاروان) بڕیــار خــۆی دابــوو، وەکو بەخۆی بۆی گێڕاینەوە و گوتی: ویژدانم زۆر ئازاری دەدام کە ئەو شــتە بشارمەوە و لێیبگەڕێم ئەو کەسە فاسیدە بەردەوام بێ لە جێبەجێکردنی نییەتە گڵاوەکانی خۆی، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: تو خوا گوناه نییە، ئەو زەلامــە بەو تەمەنەوە ئەو کارانە بکات و منیــش پێی بزانم و خەبــەری لێنەدەم. ناوی خوام لێنا و چوومە لای ناســیاوێکم کــە ڕیپێدراوێکــی پۆلیس بــوو، گوتم: شــتێکی وا دەزانم و دەمــەوێ ئاگاداری پۆلیس بکەمەوە، بــەڵام کەس نەزانێ من ئاگاداری پۆلیســم کردۆتەوە. گوتی: وەرە من دەتبەمە لای ئەفســەرێکی پۆلیس کە ئەفسەری بنکەیە و ئەوەی تۆ دەتەوێ ئەو هات لەگەڵ دەکــەن. ئیتر منی بردە لای ئەفســەرێکی بنکەی پۆلیس و باسەکەی

تێگەیاند. ئەویش زۆر سوپاسی کردم و بەڵێنی پێدام کە کەس ئەو شتە نەزانێ و هەرچی بڵێم وەکو نهێنی لای خۆیان هەر بە نهێنی هەڵیبگرن. کە منیش بەوە رازی بووم. گوتی ئەو شتە چییە کە دەتەوێ بە پۆلیسی بڵێی، بە وردی و بە درێژی بۆمی باس بکە، منیش بەمشێوەیە مەسەلەکەم بۆ باسکرد و گوتم: ئێمە چەند پیاوێك و ئافرەتێکین لای کابرایەك کە کارگەیەکی هەیە کاردەکەین. ئەو کابرایە تەمەنی نزیکەی چل ساڵێك دەبێ یان نابێ. ماوەی ساڵێك دەبێ ژنەکەی تەڵاق داوە. پێشتر کرێکاری ئافرەتی دەهێنا، بەڵام بۆ ئەوەی باش ئیش بکەن ئافرەتی بێ مێرد و گەنجی وەردەگرت. بەڵام ئێستا فێر بووە هەندێ ئافرەتی بێوەژن یان دایك و کچ یان ئافرەتی بە مێرد کار پێدەکات.

ئێستا ئافرەتێکمان لایە کە ئەوە چوار مانگ دەبێ لامانە، بێوەژنە بەخۆی و بە کچە هەژدە ساڵییەکەی کاردەکەن. هەم ئافرەتەکە و هەمیش کچەکەی تا بڵێی جوان و بەرچاون. ئەوانە چونکە پیاویان نییە بەخێویان بکات، ناچارن بەخۆیان کاردەکەن. ئەوە نزیکەی مانگێك دەبێ شەڕ بە ژنکە دەفرۆشێ. سەرەتا بۆ ئەوەی بگاتە مەرامەکانی زیاتریان دەداتێ. دوایی دەیگوت: ئێوە هەموو بڕۆنەوە بەس فڵان و فیسکە بمێننەوە. بەناوی ئەوەی کەرەستەی خواردەمەنی بۆ بەیانی بۆ کرێکارەکان ئامادە بکەن و پارەی زیاتریان دەداتێ. ئەو دایك و کچەی دەهێشتەوە. سەرەتا کچەکەی بۆ کڕینی کەرەستە دەنارده بازاڕ، خۆی و دایکی لەناو کارگەکە دەمانەوە، لەوێوە دەستی کرد بە شەڕ فرۆشتن بە ژنەکە. زۆری لەگەڵ ژنەکە هەوڵدا، ئاخیرییەکەی بە زەبری زۆری و بە هەڕەشە و نان بڕین و ئەو شتانە ملکەچی کرد. ژنەی داماو هەموو جارێ دەبوایە خۆی بخاتە ژێر رکێفی ئارەزووەکانی. ئێمە کەسمان لە کارگە ئەو شتەمان نەدەزانی، تا رۆژێك ژنەکە بەخۆی بەنهێنی و بەتەنیا پێی گوتم کە فڵان ئەوەهای لەگەڵدا دەکات. دەیگوت لەبەرخۆم ناوێرم هیچ شتێك بڵێم، دەترسم دەرمانبکات و نان بڕاومان بکات. یان ئابڕووم ببات. ناشوێرم بمێنمەوە چونکە تەماحی لە کچەکەشم داوەو وازناهێنێ. بۆیە بەتۆش دەڵێم چونکە بڕوام پێتە، تکات لێدەکەم یارمەتیم بدە، کە لەدەست ئەو ئەژدیهایە دەرباز بم و ئابڕوشم نەچێت. منیش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە بەشێوەیەکی نهێنی بە پۆلیس بڵێم، ئینجا هەر بە دزییەوە بیرۆکەکەی خۆم پێگوت. گوتی: چۆنت پێ باشە وابکە، بەس مەهێڵە ئابڕووم بچێ. بەڵام گوتم بە مەرجێك، بەو قسەیە ژنە رەنگی تێکچوو، شەرمی بەخۆدا هاتەوەو هەستم کرد زۆر بەو قسەیەم تەریق بۆوە، ئەوجا گوتی: من هانام بۆتۆ هێنا کەچی تۆش وەك ئەو تەماح لە ئابڕووم دەکەی، بەو قسەیەم ئەوجا تێگەیشتم کە بە هەڵە لە قسەکەم گەیشتووە، منیش گوتم: نا خوشکی من نە تەماحت لێدەکەم و نە قەت نیازیشمە پڕ دەمە ئابڕووت. بە هەڵە لێمتێگەیشتی، مەرجەکەم ئەوەیە، ئەوەی تۆ دەیڵێی بە بەڵگەوە بیزانم و بیبینم. تۆ قسەیەك دەکەی بەڵام هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی قسەکەت نەداومەتێ. ئاخر لەو گۆڕە من لە کابرا بکەومە ملان، خواش قبوڵ ناکات. لەوەتەی لەو کارگەیەیە کاردەکەم شتێکی وەهام بەچاوی خۆم نەبینیوە. قسەو قسەلۆك هەیە، بەڵام خۆ مەرج نییە ئەو قسانە راست بن، ئەویش گوتی: باشە خۆ دەتوانی لە دەرگای پشتەوەی کارگەکە بەدزییەوە بێیتە ژوورێ و، لە پشت جامخانەکەی ئەودیوی نووسینگەکە چاودێریمان بکەی. گوتم باشە کلیلی پشتەوەی دەرگام بۆ بێنە هەر ئەمڕۆ بەو مەسەلەیە دەگەم، بەڵێن بێت ئەگەر وابێت هەرچی لەدەستم بێت تەخسیری نەکەم و کلیلەکەی بۆ هێنام. رێك بەو جۆرەی کە پێویست بوو ئەنجامم دا و قسەکەی سەد لەسەد راست بوو، بەچاوی خۆم بینیم کابرا دەستی بۆ دەبرد و بە زۆر شەڕی پێدەفرۆشت و هەڕەشەشی لێدەکرد کە ئەگەر کچەکەی بۆ رازی نەکات زۆر زەرەر دەکات. تەنانەت پێی گوت هەر ئەو یەك دوو رۆژە لەسەری دەوەستێ و دەبێ کچەکەی بۆ رازی بکات و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی. من کە ئەوانەم بەچاوی خۆم دیت، ئەوجا زانیم ئەو کابرایە چ دڕندەیەکە، بۆیە بڕیارمدا پۆلیسی لێ ئاگادار بکەمەوە.

ئەفسەری بنکە قەناعەتی بە قسەکانم هات و هەندێ پەڕاوی هێنا و دۆسییەکیان رێکخست و نیو کاتژمێرێك خەریکی کاربوون و پاشان بە منی گوت: ئامادەی بچینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەوجا تۆ بەتەنیا بڕۆ فڵانە شوێن و با کەس بەرێکەوت نەتبینێ کەلەگەڵ ئێمەی و خۆت بڕۆ ناو دادگای لێکۆڵینەوە و ئێمەش دێینە ئەوێ.



## بڕیاری دەستگیر کردن

(کاروان) لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: هەروەك ئەفسەرەکە نەخشەی بۆ کێشابوو، وامان کرد و چوومە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەویش داوای لێکردم کە مەسەلەکەی بەدرێژی بۆ باس کەم، منیش وەك دەڵێن لە سەری هەتا پیوازی بۆم گێڕایەوە و شریتەکەم بۆ لێدەدایەوە. ئەوجا چەند پرسیارێکی لێکردم، دواتر زانیم پرسیارەکانی بۆ ئەوە دەکرد، بزانێ داخۆ من هیچ کێشەیەکی تایبەتیم لەگەڵ خاوەن کارگە کە هەیە یان نە. ئینجا بڕیاریدا تیمێکی پۆلیس بۆسە دابنێنیەوە و کابرا لەسەر تاوانەکە دەستگیر بکەن. ئەو رۆژی من ئاگاداری ئافرەتەکەم کردەوە کە خۆی و کچەکەی بێنە دەرەوە و شوێنێکیان دیاریکرد بۆ ئەوەی لەوێوە کەس نەمانبینێ ئەفسەرەکە و لێکۆڵەری دادی قسەی لێوەربگرن و دڵنیابن لە قسەکانی من و ئەوجا نەخشەی دەستگیرکردنی کابراش دابڕێژن.

ئینجا ئافرەتەکە گەڕایەوە ناو کارگە، ئەوانیش دەستیان بە جێبەجێکردنی

لەوەتەی لەو کارگەیە کاردەکەم شتێکی وەهام بەچاوی خۆم نەبینیوە، قسەو قسەلۆک هەیە، بەڵام خۆ مەرج نییە ئەو قسانە راست بن



نەخشەکە کرد. ئەوەبوو لەناو کارگەکە کابرا دەستی بە کردەوەکانی خۆی کردەوە و ئەمجارە هەر بە کردارەکی پڕی دایە کچەکەی و ویستی ئەتکی بکات. دایکەکەشی لێی هاتە دەست و دەستی دایە بۆرییەکی ئاسن و کەوتە سەری و یەك دوو بۆڕی لە پشتی داو پاشان یەك دووەکیشی لەسەرویۆتەڵاکی دا و دەموچاوی لە خوێن وەردا. کابرا خۆی کۆکردەوە و بۆی چوو تا لێیبدات، پۆلیسەکان لێی دەرپەڕین و بەرزەوتیان کرد و بەسەر تاوانەوە گیرا. کابرا سەری لەو بۆسەیە سوڕما، چاوی ئەبڵەق بوو، نەیدەزانی ئەوەی ڕوودەدات ڕاستییە یان خەیاڵ، کەلەپچەی لەدەست کراو سوڕای ئۆتۆمبیل کرا، ژنە بووە دادخواز لەسەری و دوو کێشەی لەسەر کرایەوە. سەرەتا نکوڵی کرد پاشان هەر زوو بەو هیوایەی کە سزاکەی سووکتر بکرێتەوە. دانی بە تاوانەکانی نا، چی کردبوو، چۆن شەڕیان پێفرۆشتبوو، هەمووی گوت و وەکی دەڵێن هیچی بۆ دادگا نەهێشتەوە، ئینجا ڕەوانەی بەندیخانەی ناوەندی کرا. پاش تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕ، پەڕاوەکەی ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا. دادگا بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەوەی داخۆ دەستدرێژی نەکردۆتە سەر کچەکە، بڕیاریدا کچە ڕەوانەی پشکنینی پزیشکی بکرێت. لەوێ پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت کە هەر کچە و دەستدرێژی نەکراوەتە سەر. پاشان دادگا دەبوو گوێ لە ئافرەتەکەش بگرێت بزانێ ئەو چی دەڵێ، ئایا ئەوەی لە پەڕاوەکەی نووسراوە ئافرەتەکە هەمان ڕووداوەکانی ناو پەڕاوەکە دووپات دەکاتەوە؟ ژنە لە شەرمی ئابڕووی خۆی نەیدەزانی چی بکات، ئەفسەرەکە دەیزانی کە دادگا هەر بانگی دەکات بۆ ئەوەی گوێ لە وتەکانی بگرێت، گوتی خەمت نەبێ من دەچمە لای دادوەر و داوای لێدەکەم کە دادگاییکردنکە بکاتە نهێنی و تۆش بەعەبا و پێچە وەرە دادگا، بەمجۆرە ژنە چووە بەردەم دادگا کە لە ئەندامانی دەستەی دادوەری زیاتر کەس لە ژوورەکە نەبوون، ژنەکە وەکو ئەفسەرەکە گێڕایەوە بەمجۆرە قسەکانی کردبوو: جەنابی دادوەر ئەو کابرایە کە زانی من بێکەس و بێلانەم، پیاوم نییە و ئامادە نیم لەشفرۆشی بکەم یا دەرۆزە بکەم، کچەکەشم وا هەراش بووە، تەماحی لێکردبووم. من پیاوەکەم بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل ئەمری خوای کرد. دەبوو بەخۆم بەدەستی خۆم نانی خۆم و منداڵەکانم پەیدا بکەم. دوو کوڕی بچووك و ئەو کچە جاحێڵەم هەیە، لەبەر ناچاری و ئەو وەزعەی کە تێیدابووم دەستم دایە کارکردن و لەلای ئەم پیاوە من و کچەکەشم دامەزراین. سەرەتا هیچم لێ نەبینی و هیچ ڕەفتارێکی ناشیرینی نەدەکرد، دوایی وردە وردە دەستی بە شەڕ پێفرۆشتن کرد، هەتا ڕۆژێك کچەکەمی لەگەڵ کرێکارێك بە ئۆتۆمبیل نارده بازاڕ، بۆ کڕینی کەرەستەی خواردەمەنی. منی هێشتەوە. ئیتر دەرگای نووسینگەی پێوەدا و دەستدرێژی کردە سەرم. بەهەموو شێوەیەك هەڕەشەی ئابڕوو بردنی لێدەکردم ئەگەر ئاشکرای بکەم یا شکایەتی لێبکەم، پاشان مرخی لەکچەکەشم خۆش کرد. بەڵێ چەند جارێك دەستدرێژی کردە سەرم، هەر جارەی کە دەستدرێژی لێدەکردم وەدەمردم و دەژیامەوە.

ئەو پیاوە زۆر بێشەرمانە پڕی دەدایە ئابڕووم، تەنانەت زۆر لەوەش دەترسام دووگیان ببم، زۆرجار کە لەناو کارگە بەتەنیای دەهێشتمەوە، چەقۆی لەسەرسەر دادەنام و هەڕەشەی پارچەپارچەکردنی لێدەکردم، ئەگەر دەنگ بکەم، یان ناڕازی بم، یان ئاشکرای بکەم و شکایەتی لێبکەم، شەو و ڕۆژ خوێنی خۆم دەخواردەوە، هەموو جارێکیش دەمگوت ئەوە منی هیچ قیروسیا، بەڵام ئەو کچەم چۆن بپارێزم، ئەوە خۆم پێناپارێزرێت چ جای ئەو کچە جاحێڵەم، هێندێك جار بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بکوژم، پاشان شەیتانم بە نەفرەت دەکرد و دەمگوت ئەوەش هەر تاوانە دەرهەق بە خۆمی دەکەم. هەستم بە لانەوازی و بێهێزی و تەنیایی و بێکەسییەکی زۆر دەکرد. کچەکەم هەستی کردبوو، کێشەیەکم هەیە، بەڵام نەیدەزانی چییە. نەشمدەوسیت بزانێ مەسەلە چییە لەلایەکی دیکەش دەمویست تێبگەیەنم کە ئاگای لەخۆی بێت و نەکەوێتە داوی ئەو ئەژدیهایەوە. نازانم چۆن بە فکرم داهات ئەو مەسەلەیە بە (کاروان) بڵێم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەو گەنجە کوڕێکی بە حەیا و بەشەرمە، مرۆڤ لە ئاکاری ڕادیارە، پێی دەڵێم بەڵکو هەتا کار لە کار نەترازاوە بە فریام بکەوێت. ئێمە دوو مانگ زیاتر دەبوو، بەیەکەوە کارمان دەکرد، بۆیە باش شارەزای خوو و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ببووم، هەرلەبەر هەندێش هانام بۆ ئەو برد. بەڵێ جەنابی دادوەر، ئەو زەلامە وەکو دڕندە دەستدرێژی دەکردە سەرم. زۆرم زەرەروزیانی مادی وگیانی و مەعنەوی لەسەر دەستی ئەو و بە هۆی کارو کردەوە ناشیرینییەکانی پێگەیشتووە. بۆیە داوا دەکەم توندوترین سزای بدرێت و لەهیچ شتێکی خۆش نابم و داوا دەکەم دادگا بایی تۆزقاڵێکیش بەزەیی پێدانەیەتەوە و لێیخۆش نەبێت.

### بڕیاری حوکمدان و دوا وتەی تۆمەتبار

ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوەکە لە ژووری دادگا بوو، پێی گوتین کەوا: دوای ئەوەی ئافرەتەکە گوفتاری خۆیدا و هەموو شتێکی بۆ دادگا ڕوون کردەوە، دوای ئەوەی تۆمەتبار دانی بە تاوانەکەی ناو داوای بەزەیی و ڕەحمەتی لە دادگا کرد، ئیتر دادگا نیو کاتژمێر خەریکی تاوتوێکردنی کێشەکە بوو، پاشان گەیشتنە بڕیاری خۆیان و هەموو ڕاوەستان و دادگا بڕیاری خۆی خوێندەوە کە بە (١٥) ساڵ زیندانیکردن حوکمی دا و (٥٠) ملیۆن دیناریشی وەك قەرەبووکردنەوەی ژنەکە و کچەکەی، لەو زەرەرە مەعنەویانەی لێیانکەوتبوو لە بەرژەوندیان دا.

**هەستم بە لانەوازی و بێهێزی و تەنیایی و بێکەسییەکی زۆر دەکرد. کچەکەم هەستی کردبوو کێشەیەکم هەیە، بەڵام نەیدەزانی چییە، نەشمدەوسیت بزانێ مەسەلە چییە**